گۆڤاری زانكۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 3006 (PP 103-117)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.8

توێژینەوە

# بنیاتی هاوتەریبی لە شیعرەکوردییەکانی(صافی هیرانی)دا

**سروشت جوهر حوێز/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

## پوختە

هاوتەریبی بنەماو ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعرییە بەتایبەتی، بەهای خۆی هەیە، دەرخەری ئەو هاوشێوەو هاوسەنگییە زمانییەیە لە بنیاتی دەقی شیعریدا، کە بەشێوەیەکی هونەری یەکە زمانییەکان ڕێکدەخات، بەمەش بەشێکی گرینگی شیعریەت و ئیستاتیکای شیعری پێکدەهێنێت، ئەم باسە لێکۆلینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکیە لە مەڕ شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی) ، بەپێی میتۆدی ڕەخنەیی فۆرمالیستی بونیادگەری. ئامانجیش لەم توێژینەوەیە ئەوەیە گرینگی و ڕۆڵی بنیاتی هاوتەریبی لە شیعردا و ڕۆشنایی خستنەسەر بنیاتی هاوتەریبی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی) بخرێتەڕوو. شاعیر سودی لە ئاستی فۆنەتیکی زمان وەرگرتووە، کەلە ڕێگەیەوە توانیویەتی لە سەرواسازی ناوەوەی شیعردا تەکنیکی هونەری ئەنجامبداو هاوتەرییبیەکەش بخاتەوە، لە ئاستی وشەشدا هەردوو شێوەی یەک فۆڕمی زمانی و چەند فۆڕمی زمانی لە هاوتەرییبیەکەیدا بەدیدەکرێت، بەمەش شێوازی شاعیر لە چۆنێتی هەڵبژاردنی وشەو ڕیزکردنیان و ڕێکخستنیان دەردەکەوێت، تەنانەت لە ئاستی واتاشدا پەیوەندییە واتاییەکانی هاوسیمایی و دژواتایی و جوتبەندی و هاوواتای لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەو ڕیزکردن و ڕێکخستنیان لە سیاقی ڕستەی دێرە شیعردا هاوتەریبی واتایی بەرجەستەکردووە.

CORRESPONDENCE
سروشت جوهر حوێز
srusht.jawhar@koyauniversity.org

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

وشە سەرەکییەکان:
بنیات،
هاوتەریب
واتا،
دووبارەبوونەوە دەنگ و وشە.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی بنیاتی دەق هاوتەریبیە بەتایبەتی لە شیعردا، بەوپێیەی دەرخەری هاوسەنگی و هاوتایی زمانییەیە لە بنیاتی دەقی شیعریدا، بەمەش بەشێکی گرینگی شیعریەت و ئیستاتیکای شیعر پێکدەهێنێت، لێرەدا خەسڵەتە دیارەکانی سیمای هاوتەریبی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی)[1] دا ڕاستەوخۆ ئەو بوارە لە بەردەم لێکۆڵینەوەکەماندا دەکاتەوە.بەمەبەستی ڕۆشنایی خستنەسەر بنیاتی هاوتەریبی لەشیعرە کوردییەکانی (صافی)بەپێی میتۆدی بونیادگەری فۆرمالیستی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە** دەگەڕێتەوە بۆ هێزو تواناو سەلیقەی شاعیر بۆ هێزی بنیاتی هاوتەریبی شیعری، زۆر لایەنی جوانکاری ئەدەبی و هونەری و زمانی تێدایە، کە مایەی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەن.

**ڕێبازی توێژینەوە** لە نوسینی ئەم لێکۆلینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی بونیادگەری فۆرمالیستی کراوە، بەوپێیەی هاوتەریبی دەکەوێتە ناوەوەی دەق لە بنیاتی دەقدا، بۆیە لە ڕێگەی میتۆدە ناوەکییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدادەکەین، بۆ نموونە میتۆدی بونیادگەری فۆرمالیستی سوودی خۆی بینیوە، لە شیکاریکردن و خستنەڕوو و دیاریکردنی چۆنییەتی ڕیزبوونی دانە زمانییەکان چ لە ئاستی دەنگ و وشەو ڕستەو واتا، لە هاوشێوەبوون و هاوسەنگی بنیاتی دەقدا، هەروەها دیارکردنی شێوازی ئەو هۆنراوانەی کە بنیاتێکی هاوتەریبی لەلایەن شاعیرەوە داڕێژراون، ئەمەش سوودو کاریگەری خۆی هەبووە، لەتێڕوانینی خۆمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی شیعری شاعیر لەبەرجەستەکردنی هاوتەریبیی لە نێو شیعرەکانیدا.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکەشمان لەچوارچێوەی چەمکی هاوتەریبی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا دەبێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە گرینگی و ڕۆڵی بنیاتی هاوتەریبی لە شیعردا و ڕۆشنایی خستنەسەر بنیاتی هاوتەریبی شیعرەکوردییەکانی (صافی) بخرێتەڕوو.

**ئەو بابەتانەی پێشتر لەسەر(صافی) نوسراون:**

لێرەدا هەوڵدراوە هەرتوێژینەوەیەکی تایبەت بە(صافی) نوسرابێت، ئەو بابەتانەی کە هەست دەکەین تروسکاییەک نزیکی هەیە لەگەڵ کارەکەی ئێمە، ئاماژەی پێبدەین، بۆئەوەی زانستیانە سودیان لێ وەربگرین. لەوانە (سافی ژیان و بەرهەمی) لە نوسینی (د.سەردار ئەحمەد گەردی)ە نامەیەکی ماستەرە، ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە نوسەر لە بەشێکی توێژینەوەکەیدا بەدوو تەوەر باسی کێش و سەروای کردووە، تەنیا کێش و سەروای شیعرەکانی دیاریکردووەو جەختی لەسەر هاوتەریبی نەکردۆتەوە، کە ئەوە مەبەستی ئێمەیە لە کارەکەی خۆماندا. توێژینەوەیەکی تریش هەیە بەناونیشانی(ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرەکانی(صافی)دا) لە نوسینی(عثمان عبدالله فرج)ە نامەیەکی ماستەرە، ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە نوسەر لە توێژینەوەکەیدا باسی لە کێش و سەروای کردووە، تەنیا کێش و سەرواوە شیعرەکانی دیاریکردووەو لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە ئاماژەی پێداوە، لە تەوەرێکی تریشدا ئاماژەی بە دووبارەکردنەوەو چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی داوە، لە دروستبوونی مۆسیقای شیعریدا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە هاوتەریبی نەداوەو جەختی لەسەر هاوتەریبی نەکردۆتەوە، بەو چەمکەی ئێمە خستومانەتەڕوو، کە ئەوە مەبەستی سەرەکی ئێمەیە لە کارەکەی خۆماندا.

**پێکهاتەی** توێژینەوەکە: بەم جۆرە داڕێژراوە جگە لەم پێشەکییە، لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا چەمکی بنیات و هاوتەریبی، کورتەیەک لە مێژووی هاوتەریبی، هاوتەریبی و هاوشێوەبوون خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمیشدا جۆرەکانی هاوتەریبی لە شیعرەکانی(صافی)دا خراوەتەڕوو لەوانە: هاوتەریبی دەنگی، هاوتەریبی وشەیی، هاوتەریبی ڕستەیی، هاوتەریبی واتایی.

1. صافی ناوی کاک مستەفای کوڕی کاک عەبدوڵلای(ثانی)کوڕی کاک عەلی کوڕی کاک مستەفای کوڕی کاک عەبدوڵلای شێخ سولەیمانی هیرانییە، کوڕی شاعیر (ثانی)یە، لە ساڵی 1873ز لە گوندی هیران لە دایک بووە، سەرەتای خوێندنی ئایینی لای باوکی دەست پێکردووە، دواتر بۆ قۆناغەکانی خوێندنی زۆرشوێن گەڕاوە لەوانە ماوەیەکی زۆر لە شاری کۆیە بووە، دوای مردنی باوکی دەبێتە جێنشین لە تەریقەتی قادری و بووەبە(مرجع)ی موریدو دەروێشان و عاشقانی ڕێگەی خواپەرستی، یەکێک بووە لە ڕێزی ئەو شاعیرە ناسراوانەی کە تەصوف و ئەدیبانی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، لەسەر هەمان ڕێبازی جزیری و حەریق و مەحوی، صافی خواناس و مەشرەب دەروێش بووە، لە ساڵی 1942ز لە هیران کۆچی دوایی دەکات و لە ئەشکەوتی شێخ سولەیمانی هیرانی لەتەک باب و باپیرانی نێژراوە.(صافی،2004،ل11-42)

## 1- هاوتەریبی و هاوشێوەبوون

### 1-1-چەمكی بنیات

بنیات پەیوەستە بە پێکهاتەو داڕشتنی بەشەکانی شیعر، پەیوەستە بە فۆرم و ناوەڕۆكی شیعرەوە، واتە بنیاتنانی دەقێك لە گشت ڕەگەزەكانییەوە. واتە لێکدان و داڕشتنی دەقە، وەك چۆن (ئیبن طبابە) دەڵێت: ((بنیات بەمانای داڕشتن و پێکهاتەو ڕێکخستن هاتووە))(العلوی،1982،ص11) لێرەدا بنیات بە واتای داڕشتن و پێکهاتەو چۆنیەتی بنیاتنانی دەقە، کە شاعیر هەوڵدەدات چۆنی بوێت شیعرەكەی بنیاتبنێ. لە زمانی كوردیدا زاراوەی(بنیاد – بنیات– نژیار) بەكاردێت(تاهیر،2006،ل6). بنیات لە دەقدا بریتییە لە ((بنیاتی دەستەواژەكان و وێنەو ڕیتم و بیرەكان و پێکهاتەی زمانەوانی))(عیزەددین،2010،ل26) واتە ئەو بەشانەی کە پێهاتەیەك دروست دەکەن و سەرجەمیان پێکەوە بەشداری تێدا دەکەن و گۆڕانی هەریەكێکیان دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەكە، بەمجۆرەش بنیاتنانی دەق لە ڕووی بنیاتی پێکهاتەییەوە كاریگەری لەسەر هەست و نەستی وەرگردەبێت. بنیات بریتییە ((لە كۆمەڵە گۆڕاوێك كە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بەو پێیەی ئەو گۆڕانكاریانە بۆ خۆیان سیستمێكن))(ڕەشید،2007،ل11) هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی دەقی شیعری توشی گۆڕانكاری بێت ئەوا ڕەگەزەكانی دیكەی دەقەكە توشی گۆڕان دەبێت، كە گۆڕانكارییەكە خۆی دەبێتە سیستمێك. بۆنموونە بنیاتی دەقێكی شیعری لە چەند ڕەگەزێك پێكدێت وەك وێنەی شیعری و زمانی شیعر و ڕیتمی شیعر و... بەهەموویان بنیاتی شیعرەكە پێكدێنن. ئەگەر گۆڕان بەسەر ڕیتمی شیعری دەقێك دابێت بنیاتی مۆسیقای شیعرەكە دەگۆڕێت، ئەمەش وادەكات ڕەگەزەكانی دیكەی دەقەكە گۆڕانیان بەسەردابێت. كەواتە ناتوانین بەشێك یا پێكهاتەیەك یا ڕەگەزێك وەربگرین بە دابڕاندنی لە بەشەكانی دیكەی دەقەكە.

بۆ لێکۆڵینەوە لەو بونیاتە پێویستە لەسەرمان دەقەکە شیبکەینەوەو بەش بەشیان کەین بۆ ئەو ڕەگەزانەی دەقەکەی لێ پێکهاتووە(حسین،2008،ل27). بنیات سیستەمە، لەو سیستەمەدا بەشەكان بەیەكترییەوە بەستراون، كە هیچ بەشێكی ناتوانێت لەدەرەوەی سیستەمەكەدا هەبێت. كەواتە بنیات لە ڕێگەی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەكانی نێوان بەشەكانەوە پشت بەیەكێتی گشتی ناوەوە دەبەستێت.

بنیات لە شیعردا لەسەر ئاستی دەنگ و وشەو ڕستەو ڕیتم پێکەوە گونجاون، لەنێوان هەر ڕەگەزێکی کەلە شێوەی زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکە، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پێکەوە گرێدانی سەرجەم بەشەکانی دەق. بنیاتی هاوتەریبیش لەو سیستەمەی سەرجەم بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر گۆڕانکارییەك لەهەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری سیستەمەکە تەواوی سیستەمەکە دەگۆڕێت. بنیاتی هاوتەریبی لە هەموو دەقێکی شیعریدا بوونی هەیە و کە لەکاتی خوێندنەوەیەکی وردیدا هەستی پێدەکرێت.

### 1-2-چەمک و زاراوەی هاوتەریبی

زاراوەی هاوتەریبی وشەكە لە پێشگری (هاو)و وشەی(تەریب) پێکهاتووە، پاشگری (ی)یشی وەکو مۆرفیمێکی وشەداڕێژی چۆتەسەرو بووە بە(هاوتەریبی) لەڕووی واتاوە بەواتای تەریببوونی دووشت لەتەک یەکەوەبێت، یا بەسەریەکەوەبێت دێت، یا بەواتای درونێکی تەقەڵ گەورە دێت.(هەرشەمی،2022، 964) لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکانیش وشەی( تەریب، تەریبدان، تەریببوون)هاتووە.(هەژار،1369، 162، خاڵ،2017، 1333) هەرچەندە لە فەرهەنگەکاندا زۆر واتای تری بۆ دانراوە، لەوانە لە واتای زاراوەکانی ڕەوانبێژیدا (دووبارەکردنەوە، دژیەکی، ڕەگەزدۆزی، بەرانبەریەکی، کەرتکردن، هاوشێوەبوون، ....هتد) بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی ( parallelism)

لە بەرامبەر هاوتەریبی بەکارهاتووە(ڕۆستەم،2024، 40) ، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی(التوازی) بەرامبەر (هاوتەریبی) بەکاردێت(عمر،2008، 34)و لە زمانی فارسیشدا (موازنە، توازی، مماثلە، برابرکردن، ....)ی بۆ بەکاردێت(معین،1387، 354). لەزمانی کوردیدا هاوتەریب لە بەرامبەر (التوازی) عەرەبی بەکاردێت.(پێنجوێنی،2021 ،لینک). لێرەدا (هاوتەریبی) وەکو زاراوەیەک لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، وەک بنەمایەکی تایبەت بە ئەدەب و بەتایبەت شیعر(لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەو بەدواییەکداهاتنی ڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەکی خاوەن یەک پێکهاتەی هاوشێوە لە نێو هەمان بنیاتی زمانیدا دادەمەزرێت لەوڕێگەوە هاوسەنگی و یەکانگیری لە نێوان پێکهاتەکانیدا بەدیدەهێنێت)بەکاردێت(ڕۆستەم،2024، 41) کەواتە؛ هاوتەریبی بریتییە لە تەریب بوونی دووبەش یا زیاتر لەبنیاتێکدا، کەهەربەشەو لەناوخۆیداو لەگەڵ بەشەکانی تردا هاوتاو بەرانبەرە لەشێوە و شێوازی دەرکەوتنیاندا. هاوتەریبی لە ((هاوشێوەیی و هاوتایی لە بنیات و واتای ئەو دێڕانەی کە وشەو ڕستەکانیان هاوجووتن (متطابق) و لەو ڕێگەیەوە یەکانگیری هونەری لە دەقدا بەدی دێت))(الشیخ،1999، 54). کەواتە؛ هاوتەریبی بریتییە لە تەریبی و هاوتاو بەرانبەر بوونی دووبەش لەبنیاتێکدا، جا ئەو تەریبییە لەسەر بنەمای لێکچوون بێت، یان لەسەر بنەمای لێکنەچوون و دژیەکی بێت، یا سیمای

هاوشێوەیی یا هاوسێیەتی ....بێت، واتە دووڕستەی هاوشێوە لە بنیاتدا کە پەیوەندیان لەسەربنەمای لێکچوون هەیە. واتە هاوتەریبی بریتییە لە ((هاوشێوەبوون یان بریتییە لە دووبارەبوونەوەیەکی بنیاتی و لە گوتاری شیعری و پەخشانیشدا دەردەکەوێت)) (مفتاح، 1996، 97). (یاکۆبسن)یش کە باسی هاوتەریبی دەکات جەخت لە تێڕوانینەکانی بونیادگەری فۆرمالیستی، لەمەڕ بنیات و پێکهاتەی دەقی شیعری کردووەتەوە و زنجیرەیەک هاوتەریبی لە ئاستەکانی دەنگی ڕستەیی و واتایی بەردەست خستووە واتا لە بچووکترین یەکە زمانییەوە فۆنێم دەستی پێکردووە و بەرەو گەورەترین یەکە لە لێکۆڵینەوەی ئاراستە کردووە. (جبارە،2013، 37) واتە یاکۆبسن هەردەقەشیعرێکی بە بنیات پێکهاتەی یەکە زمانییەکان لە ئاستی دەنگ و وشەو ڕستەو واتا داناوە، کە لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ وئاوێتە دەبن، بەم ئاوێتەبوونەش هاوسەنگی و لێکچوون و لێکنەچوونەکان و بەرانبەرییە فۆنێمی و ڕێزمانیی و واتاییەکان دیاری دەکات.(ئەحمەدی،2004، 8).

**3-1- کورتەیەک لە مێژووی هاوتەریبی**

سەرەتای دەرکەوتنی هاوتەریبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەولێکۆڵینەوانەی کەتایبەت بەشیعر کراون، ئەم لێکۆڵینەوانەش لە لە زاراوەکانی ڕەوانبێژی ڕۆژئاوادا ئاماژە بە چەمکی هاوتەریبی کراوە، پێش ئەوەش لای گریک یۆنانییەکان ئاماژە بە هونەری دەربڕین و ڕستەکان بەشێوەی هاوسەنگ دراوە، دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاست لێکۆڵینەوەکان بایەخیان بە هاوتەریبیدا بەتایبەتی لە دەقەکانی تەورات و ئینجیلدا هەر وەکو (هۆپۆکنیز) بۆمان ڕوون دەکاتەوە لە (توێژینەوەیەکیدا لەبارەی شیعری یەهودی و تەوراتەوە ئەنجامدا تێیدا باسی لە چەمکی هاوتەریبی کردووە و ڕوونی کردووەتەوە هەر بڕگەیەکی شیعری بریتییە لە دووبارەبوونەوەیەکی دەنگی هاوشێوە لە هەمان بنیاتی هونەری و هاوتاو وەکیەک لە نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکی تەواودا)(الشیخ،1999، 10) دواتر(یاکۆ بسن) لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی (هۆپکنیز)توانی چەمکێکی نوێ بۆ هاوتەریبی دەستنیشان بکات، کە تێیدا بنەمای زێدەکردنی ڕێسا لە زمانی پێوەردا باسی لێوە کردووەو ڕێوشوێنەکانی پێکهاتن و دەرکەوتنی لە نێو دەقی شیعریدا دیاری کردووە، ئەمەش بە تایبەت لەو کارەیدا بەرچاو دەکەوێت، کە بە هاوبەشی لەگەڵ (کلۆد لیڤی شتراوس) لەبارەی سۆنێتەی پشیلەکانی بۆدلێر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەشیان کرد،(یاکۆبسن) توانی بنەمایەکانی شیعرییەتەکەی خۆی پراکتیزە بکات و تێیدا جەخت لە تێڕوانینەکانی بونیادگەری فۆرمالیستی، لەمەڕ بنیات و پێکهاتەی دەقی شیعری بکاتەوە(جبارە،2013، 37).

دواتر زاراوەی هاوتەریبی لە چەمکە تازەکانی ڕەخنەی عەرەبیشدا ئەو کاتە پەیدا بووە، کە گوتاری نوێی ڕەخنەی عەرەبی کەوتە ژێر کاریگەری جیهانبینی ڕەخنەگرە ڕۆژئاوایەکانەوە، چونکە لە ئەدەبی عەرەبیشدا هاوتەریبی سەرەتا لە چوارچێوەی هونەری ڕەوانبێژیدا قەتیس کرابوو، کە بەواتای ڕووبەڕوویی و بەرامبەریدا خۆی دەبینیەوە، دواتر ڕەخنەگران و نووسەرانی عەرەب لە ژێر کاریگەری جیهانبینی ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا لە هەشتاکانی سەدەی بیست زاراوەی (هاوتەریبیان)یان بەکارهێناوە، لەوانە لە لێکۆڵینەوەکانی (محمد میفتاح) لەژێرکاریگەری تێڕوانینەکانی ڕۆژئاوادا لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبیدا، باسی لەهاوتەریبی کردووەو لەدەقی ئەدەبیدا پراکتیزەی کردووە، زاراوەی(التوازی) لەڕووی تیۆرییەوە دەستنیشان کردووە.(مفتاح،1996، 97).لە لایەکی ترەوە (عبدالواحید حسن الشیخ) خاوەنی کتێبی (البدیع والتوازی) بنیات و سروشتی هاوتەریبی لە دەقی شیعریدا خستۆتەڕوو(الشیخ ، 1999، 54). دواتر (صلاح فضل) وەکو ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکی هاوچەرخی عەرەب، لەڕوانگەی بنەمایەکانی مێتۆدی بنیاتگەریەوە بۆ چەمکی هاوتەریبی دەچێت، لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (یاکۆبسن) بۆچوونەکانی لەسەر هاوتەریبیدا داڕشتووە.(فضل،1998، 231). مێژووی چەمکی هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا کۆن نییەو نوێیە، ئەگەر سەرنجی مێژووی ڕەخنەی کوردی بدەین لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، تا پێش ڕاپەڕین، هیچ وتارو نووسینێک لەسەر ئەم بابەتە بەرچاو ناکەوێ ، بەڵام زیاترئەوەی بەرچاو بکەوێت و باسی لێوە کرابێ هاوشێوەی نوسەرو توێژەرانی عەرەب لای توێژەرو لێکۆڵەرانی کورد لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زیاتر ئاماژە بە کۆمەڵە هونەرێکی جوانکاری دراوە لەوانە: بەرامبەری و پێچەوپەخشە، کۆکردنەوەو پاتکردنەوەو ڕەگەزدۆزی و ....هتد(گەردی،1975، 56) هەرچەندە هەریەک لەم هونەرانەی جوانکاری لە ئاستەجیاجیاکانی زمانی شیعریدا کەرەستەیەکی هونەری هاوتەریبین لە پێکهاتەی دەقدا. دواتر لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری و وەچەرخانی گەورە لە ئاست کوردستان و ناوچەکە و جیهان دا ڕوویدا، وردە وردە پردی پەیوەندی ڕۆشنبیری لە نێوان کوردستان و جیهاندا کرایەوە، ڕەوتی جیهانبینی و بزوتنەوەی وەرگێران و کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئاست کوردستان و عێراقدا ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە داناوە. لێرەو و لەوێ لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بابەتی وەرگێڕان و ڕەوتی لە سەر ڕەخنەی نوێی ئەدەبی بڵاودەکرایەوە، هەروەها لێکۆلەرانیش بەتایبەتی لەزانکۆکاندا ڕوویان لە بنەماکانی ڕەخنەی نوێکردو تادواتر وردە وردە چەمک زاراوە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیشدا جێگیربوون.

**4-1- هاوتەریبی و هاوشێوەبوون و دووبارەبوونەوە.**

لەبنیاتی هاوتەریبیدا هاوشێوەبوون واتە هاوتایی و دووبارەبوونەوەی پێکهێنەرەکانی دەق لە نێو یەک بنیاتدا واتە لە بەدواییەکداهاتنی دانە زمانییەکان و دووبارەبوونەوەیان، تێیدا بڕگەیەک لەگەڵ بڕگەیەکی تر یا بەشێک لەگەڵ بەشێکی تر لەپێکهاتەی بنیاتەکەدا لەسەر بنەمای لێکچوون و لێکنەچوون لەناو هەمان زنجیرەی بەدواییەکداهاتوو پێکدەهێنێت، ئەمەش لە ئاستی هاونشینی و جێنشینی دیاریدەکرێت ، واتە لە ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونی هاوشێوەبوونەکە دیاریدەکرێت و بۆئەوەی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا بێتەدی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر چنینی دەق دەبێت و بەهێزی دەکات و ئەرکی شیعری زمان دیاری دەکات و فۆڕم و شێوازی پەیوەندیی ڕەگەزەکانی پێکهاتەزمانییەکەمان بۆ دەردەخات.(خۆشناو،2010، 90) لێرەدا هاوشێوەبوونەکە لەناوەوەی دەقیشدا لەڕێگەی دووبارەبوونەوەکەدا دەردەکەوێت، ئەویش بە ئاوێتەبوونی تایبەتمەندییەکانی وشەیەک یا لە واتا یا بڕگە یا دەنگ یا....هتد. بەمەش بنیاتە هاوتەریبییەکە دێتەدی. مەبەستیش لە هاوتەریبی و دووبارەبوونەوە لە شیعردا، لەپەیوەندی بە شیعریەتەوە زیاتر دەردەکەوێت، بەوەی هاوتەریبی خۆی لە دووبارەبوونەوەدا ڕێکدەخات، ئەویش لە دووبارەبوونەوەی دەنگەکانەوەدەستپێدەکات و تادەگاتە وشەو ڕستەو تادەگاتە واتا، بەمەش جۆرەکانی هاوتەریبیان لێدەکەوێتەوە(میراودەلی،2021، 150) لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین هاوتەریبی وەک لایەنێکی شیعریەتی دەق لەسەربنەمای هاوشێوەبوون و دووبارەبوونەوە بنیات دەنرێت.

**2- بنیاتی هاوتەریبی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا**

(صافی) وەک شاعیرێکی کلاسیک لە تاقیکردنەوە شیعریەکەیدا ویستویەتی شێوازێکی تایبەت بەخۆی لە زمانە شیعرییەکەی بنیات بنێت، کە لەم ڕوانگەوە سیمای تایبەتمەندییەکەی بەدی دەکرێت، ئەویش لەڕێگەی ئاستی زمانی شیعرییەوە کەلە دەنگ و فۆنێم دەست پێ دەکات تا دەگاتە وشە و ڕستە و لایەنی واتایی، زمانە شیعریەکەی زمانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەرزبووە، لە هەڵبژاردنی وشە و چۆنیەتی ڕێکخستنیان و پێکەوە توانیویەتی فۆڕمێکی هاوتەریبی ئیستاتیکی بە بنیاتی دەقە شیعریەکانی بدات.

**1-2- جۆرەکانی هاوتەریبی لە شیعرەکانی (صافی هیرانی)دا:**

هەرچەندە جۆرەکانی هاوتەریبی لە ڕوانگەی جیاوازەوە دیاریکراوە، بەگوێرەی تێگەیشتنە کۆنەکە بەتایبەتی ڕەخنەگرانی کلاسیک دەگەڕێنەوە بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەتایبەتیش بەشی جوانکاری وشەیی و واتایی، کەلە جوانکاری وشەییدا لەئاستی ئاسۆیی و ستوونی دیاریان کردووە، وەک (دژیەک و بەرامبەری و تەصریع و ڕەگەزدۆزی و هێنانەوەو پاتکردنەوەو... هتد، لەئاستی ستونیش لایەنە لێکچووەکانی لایەکانی دەق و لێکچوونی کۆتاییەکان و ....هتد بەگشتی پشتیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەستووە. بەڵام بەگوێرەی تێگەیشتنە نوێکەو ڕەخنەگرانی نوێ و هاوچەرخ دەگەڕێنەوە بۆ ئاستەکانی زمان، بەوەی شیعر یەکەیەکی زمانییەو لەڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی بنیادگەری فۆرمالیستییەوە جۆرەکانی هاوتەریبیان دابەشکردووە و هەروەکو ئەو دابەشکردنەی (ڕۆمان یاکۆبسن) کردویەتی 1- هاوتەریبی دەنگی بایەخ بە ڕۆڵی تاکە دەنگ و پێکهاتەی دەنگی وشە و چۆنیەتی پێکەوەگونجانیان. 2- هاوتەریبی زمانی (نادەنگی) مەبەست لە هاوتەریبی ڕێزمانی و واتاییە،کە گرینگی بە شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستەو دیاریکردنی پەیوەندی هاوواتایی و دژواتایی وشەکان دەدات.(الضالع، 2003، 47)بۆیە لێرەداو لەسەر ئەوبنەمایەی بنیاتی هاوتەریبی شیعر، جۆرەکانی هاوتەریبی لە ئاستەکانی زمانەوە دیاری دەکەین لە شیعرەکانی شاعیردا:

**2-2- هاوتەریبی دەنگی:**

هاوتەریبی دەنگی لە ئاستی دەنگسازیدا، وەک ئاستێکی لێکۆڵینەوەی زمان لە سروشتی ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە کە دەنگەکان وەک کەرەستەیەکی هەرە بچووکی زمان لە نێوان خۆیاندا پێکیان دەهێنن و کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی یەکە گەورەترەکان دەبێت، بەوەی لەدەنگەوە بڕگە پێکدێت و لە بڕگەشەوە وشەو و لەوشەکانیشەوە ڕستە بنیات دەنرێت و بەوەش پانتایەکی زمانی بۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو دەخوڵقێت. لێرەدا بۆ تێگەیشتن لەو سیستەمە دەنگیە پێویستە لە ڕێگەی دەرخستنی دووبارەبوونەوەی یەک فۆنێم یان چەند فۆنێمێک لەناو بڕگەیەکدا، یا دەشێ بڕگەیەک بە تەواوی یان بە دوای یەکداهاتنی چەند بڕگەیەکیش بگرێتەوە، ئەمەش لە دەقدا لە لە ئاستی چۆنێتی و چەندێتیدا دیاری دەکرێت، مەبستیش لەمە واتە لە هاوتەریبیدا چۆنێتی ئەو دەنگانە دەخرێنەڕوو کەلە دووبارەبوونەوەی تاکە دەنگێک یان دەستە دەنگەکانەوە جۆرە هاودەنگییەک لە نێوان دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکاندا دروست دەبێت و هاوتایی و گونجانێک لەدەقەکە دەهێنێتە ئاراوە، چەندێتییش مەبەست لە بنەمایەکانی کێشی شیعرە لە بڕگەبەندی نیوەدێڕ و دێڕەکان لەگەڵ وەستانی شیعری. (صافی) لە هەڵبژاردنی دەنگە پێکهێنەرەکانی دەقدا، جۆرێکی وای لەڕیتم و هارمۆنێتیان بەدیهێناوە، کە زادەی سەلیقەیەکی بەرزی شیعرسازییە.

2-2-1- **هاوتەریبی چۆنێتی:** ئەمجۆرە لەدوو ئاستدایە ئەویش تاکە دەنگ و دەستە دەنگە.

2-2-1-ا- **هاوتەریبی تاکە دەنگ:** لێرەدا ئەوهاودەنگیانە وەردەگرین کەلە ڕێگەی هاوبزوێنی و هاونەبزوێنییەوە بەدیهاتوون، ئەمەش بەهەردوو شێوەی ڕێک و نارێک.

**وردەخاڵی، ئێستە کێش نازی لەسەر پەروین دەکا**

**چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەکا** (صافی،2004، 143)

هاوبزوێنی وشە هاونشینکراوەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە لە دەنگی/ ی /دا هاوتەریبییەکەی لێکەوتۆتەوە، جگەلەو هاوکێشیەی لە نێوان وشەکانی(خاڵی، نازی، چاوی، بازی، ئاهوی)بەدیدەکرێت، هاوکات ڕێککەوتنی دەستە دەنگی (ین دەکا) لەیەکە زمانییەکانی (پەروین دەکا،چین دەکا) لەئاستی ستوونی دێرەکەدا ئەرکی سەروایان پێ بینراوەو بۆتە پاش قافیەش، هەروەها گونجانی دەنگی نێوان هەریەک لە(خاڵی، نازی، چاوی، بازی، ئاهوی)لە دەنگی\ ا \ ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان بەرزکردۆتەوەو دەرخەری بنەمای هاوتەریبیەکەیە، ئەم دێڕە هەشت هەنگاوە چواربەچوار هەر لەتەدێڕێکیش دابەشی سەر دووبەش کراوە دووهەنگاو بە دووهەنگاو دەنگی\ ا \ لەکۆتایی هەردوو هەنگاوێک دێت ئەویش چەقی ڕیتمەکەیە، ڕیتمێکی ڕێکی دارشتووە، بەمەش کاریگەری زیاتر بووە، لە سەروای ناوەوەدا. هەروەها دەنگی \ و\ یش(4)جار دووبارە بۆتەوە لە وشەکانی(ورد، چاوی، پەروین، ئاهووی) هاوتەریبییەکەی لە ئاستی ستوونی لێکەوتۆتەوە.

**ئەو جانە چ جانێکە کە جانە بە جوانی**

**ئەو عاریضە پەنهانە چ گەنجێکە نیهانی** (صافی،2004، 250)

لێرەدا هاونەبزوێنی نێوان هەریەک لە وشەکانی (جانە، جانێکە، جوانی) نیوەدێڕی یەکەم لە ئاستی ئاسۆیی و هاوتابونیان لەئاستی ستوونیدا لەگەڵ وشەکانی(پەنهانە، گەنجێکە، نیهانی) لە دەنگی \ن\ی هاوتەریبییەکەی لێکەوتۆتەوەو ئاوازەناوەکیەکەی بەرزتر کردۆتەوە، هاوکات هاتنی دەنگی\ج\ لەسەرەتای وشەکانی(جانە، جانێکە، جوانی)لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم و هاوتابوونیان لەهەمان دەنگ و لە ئاستی ستوونیدا لەگەڵ فۆڕمی (گەنجێکە) لەنیوەی دووەمدا، لەلایەکی ترەوە هەریەک لەوشەکانی(جوانی، نیهانی) ڕۆڵی سەروای پێ بینراوە، دەنگی/ ن/ پەیوەستە بەلایەنی دەروونی شاعیرەوە، لێرەدا لەگەڵ واتای دێرەکە بەشێوەیەك دەگونجێت، شاعیر بەمەبەست ئەو دەنگەی دووبارەکردۆتەوە، وەسفێکی هێواش و لەسەرخۆی بۆ یارەکەی کردووە، هاوکات هاوبزوێنی دەنگی\ا\ و \ە\ واتە بزوێنی درێژو کورت لەوشەکانی (جانە،جانێکە، بەجوانی، عاریضە، پەنهانە، گەنجێکە، نیهانی)لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیی بنیاتە هاوتەریبییەکەی لەتەواوی دێڕەکەدا دەرخستووە ئاوازە ناوەکیەکەشی گەشاندۆتەوە.

**بۆچی نەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە؟**

**وا حەبسە لە نێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا** (صافی،2004، 142)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستە ئاسۆییەکەدا هەردوو وشەی (شێوە، پەشێوە) لە دەنگی\ش\ پێکەوە گونجاون، لەپاڵ دووبارەبوونەوەی دەنگی\چ\ی نەبزوێن لە وشەکانی(چینی، چەمی، پەرچەمی، چەمدا) لە نیوەدێڕی دووەم و لەئاستی ئاسۆییدا لە ئەنجامی کەوتنە تەنیشت یەکی وشەکان دەنگەکان بەریەك دەکەون، بەڕوونی دەبیسترێن و ئاوازێکی درێژو کێشراو بەرپادەکەن، ئەمەش هاوتەریبی چۆنیەتی پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەشی لە دێڕەکەدا پێ بنیاتنراوە. سەرجەم ئەم دەرکەوتنە دەنگیانە وایانکردووە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکە لە ئاستێکی بەرزی شیعریدا خۆی بنوێنێت و تەواوی دێڕەکە لە بنیاتێکی هاوتەریبیدا دەربکەوێت.

2-2-1-ب- **هاوتەریبی دەستەدەنگ:** ئەو کۆمەڵە دەنگە هاوشێوانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە دێڕو نیوە دێڕەکاندا هاونیشینی یەکتر کراون و لەسەرواسازی و دووبارەبوونەوەی دەنگی ناتەواوە لە وشەکاندا هاوتەریبییەکە دروست دەبێت.

**هەستاوی کە هەستاوە، قیامەت بە قیامت**

**ڕۆییوی کە ڕۆییوە، دەمم لەو دەم و دەمدا** (صافی،2004، 142)

دێڕەکە لە ڕێگەی سیستەمی سەرواسازی ناوەوە بەسەر چەند لەتێکدا کەرتکراون، کەرتەکانی هەر دێڕو نیوەدێڕێکیش بۆخۆیان لەسەر هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی دارێژراون، بەمەش هاوتەریبییەکە بەدیهێنراوەو ئاوازێکی ناوەکی خوڵقاندووەو بەهایەکی ئیستاتیکی ودەلالی بە دێڕەکە بەخشیوە، وشەی (هەستاو، قیامەت، ڕۆییو، دەم) بە شێوەی نایەکسان و هاوشوێن لە باری ئاسۆییدا دووبارەبۆتەوە، لەهەمانکاتدا ڕەگەزدۆزی ناتەواویشیان دروستکردووە، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە بنیاتی ڕیتم، ئەم دووبارەکردنەوەش جگە لە بەهاو ڕیتمەکەی جۆرە هاوسەنگیەکیش دروست دەکات، هاوسەنگییەکەش لە نێوان واتاو ڕیتمەکە دایە، گرنگی هەبوونی ئەم هاوسەنگیەش وای کردووە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە هزری وەرگردا بمێنێتەوە.

**شیفتیی نووری جەمالم ماهی تابانم وەرە**

**ئارەزووی شەهدی ویصالم جانی جانانم وەرە** (صافی،2004، 232)

ئەو هاوشێوەییەی لە پێکهاتەی دەستەواژە سەرواکاندا لە دێڕەشیعرەکەدا بەدیهێنراوە، بنیاتێکی هاوتەریبی لەئاستی دەنگیدا لێ پێکهاتووە، کەتەواوی دێڕەکەی لە ڕووی ئاوازەیی و هاوکات لەڕووی دەلالیشەوە ڕازاندۆتەوە، لەڕێگەی کەرتکردنی سیستەمی ناوەوە بەسەر چەند لەتێکدا، ئەمەش وایکردووە هاوتەریبە دەنگییەکە بەرزتربێت و هەر نیوەدێڕێك دابەشی سەر شەش کەرت کراوە، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەروای ناوەوەشی لەگەڵ دایە، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجام دراوە (شیفتیی، نووری، ماهی، ئارەزووی، شەهدی، جانی)، هاوسەروان، هەروەها وشەکانی (جەمالم، تابانم، ویصالم، جانانم) هاوسەروان ، دەنگی/ ی / لە دووکەرتی پێشەوەو پێش کۆتایی، وەکو پاش سەروای ناوەوە بەکارهاتووە، دەنگی/ وە / لە کەرتی دواوە، وەکو سەروای گشتی شیعرەکە بەکار هاتووە، واتە لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم و هاوتابوونیان لەهەمان دەنگ و لە ئاستی ستووندیا هاوسەروابوونی ئەم دەستە دەنگانە دووبارەبوونەوەیان هاوتەریبی دروست دەکات، کە هێزێکی زۆری داوە بە ئاواز و ڕیتمی دێڕە شیعرەکە، هەر وەستانێکیش بەهۆی سەروادار کردنەکە دروست بووە. وێرای لایەنی دەنگی، هاوتەریبی دەلالی واتایی لە نێوان دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی دەستەواژە سەرواکاندا هەیە، چ بەشێوەی تەبا یان ناتەبابێت، کەئەوەش بۆخۆی لایەنێکی تری هاوتەریبی لە بنیاتی دەقەکەدا دەوڵەمەند دەکات.

**کە ڕۆژی وەصلی ئاوابوو بەچاو گریان نەکەم چبکەم**

**شەوی هیجرانی واداهات کە دڵ بریان نەکەم چبکەم** (صافی،2004، 170)

لێرەدا جگەلە یەکسانی بڕگەبەندی دێڕەکان، ئەو بەکارهێنانە تایبەتەی یەکەی زمانییە لە مەزراندنی سیستەمی تایبەتی سەروای دێڕەکە، کە هاوتەریبییە دەنگییەکەی لە ئاستی چۆنێتیدا تۆکمەتر کردووە، بەوەی ڕستە سەروا هاتووە بۆتە پاش سەروا لە ئاستی ستووندیا، لەپێکهاتەیەکی ڕێزمانی تایبەتدا، کە ئەم هونەرە لەسەرواسازی و سەروبەندیدا هەم لەخزمەتی ئاستی ئاواز و ڕیتمی دێڕەکە هەم لەخزمەتی قوڵکردنەوەی دەلالەت و واتادایە، وێرای لایەنی دەنگی، هاوتەریبی دەلالی واتایی لە نێوان دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی دەستەواژە سەرواکاندا هەیە بەشێوەی ناتەبا بەمەش هاوتەریبی واتایی دروستبووە. ئەمجۆرە دووبارەبوونەوەیەش بۆ پاڵپشتیکردنی ڕیتمی سەروایە و جگە لە ڕیتمی دووبارەبوونەوەی وشەکان، کە بەمەبەستی جوانکارییە.

**2-2-2- هاوتەریبی چەندێتی:** لەم جۆرەیاندا (صافی) زیاتر ئەو بەحرە عەرووزیانەی بەکارهێناوە کەلەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەنگونجێن، توانیویەتی بەشێوازێکی جوان لە فۆرمێکی هونەری دڵگیردا دەقەکانی بخاتەڕوو، دەرکەوتەی هاوتەریبی لە ڕووی چەندێتییەوە لە شیعرەکانی (صافی)دا لە بڕگەبەندی دێڕونیوە دێڕ و وەستانەشیعریەکانیدا دەردەکەوێت.

**2-2-2-ا- بڕگەبەندی دێرو نیوەدێڕ:** گەرێینە بڕگەبەندی دێڕونیوەدێڕەکانی مەبەستمان لە دەستنیشانکردنی ژمارەی بڕگەکانی هەردێڕێکەو دەرخستنی هاوسەنگییە، لەنێوان دێڕەکان، کورتی و درێژی بڕگەکان و یەکسانی دووبارەکردنەوە هاوسەنگییەکە بەدیدێنن:

**کە ڕۆژی وەصلی ئاوابوو بەچاو گریان نەکەم چبکەم**

**شەوی هیجرانی واداهات کە دڵ بریان نەکەم چبکەم** (صافی،2004،170)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

دێڕەکە لەسەرکێشی (هەزەجی هەشتی تەواوە)پێیەکانی لە هەرنیوەدێڕێکدا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چوارجارەی(مفاعیلن)، کە بڕگەی کورت و درێژەکان لەهەریەک لەوپێیانەدا بەم شێوەیە دابەش دەبن:(ب---) کەواتە هەرنیوەدێڕێک پێکدێت لە 16بڕگە و بەمەش تەواوی دێڕەکە بەسەریەکەوە 32 بڕگەدەبێت، ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ڕێزبوونی بڕگە کورت و درێژەکانە لە هەرنیوەدێڕێکدا، وەکیەکی و یەکسانییەکی تەواوەتییان لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش ڕاگرتنی ئەوهاوسەنگییە عەرووزییە وردەیە، کە هاوتەریبی لە ئاستی چۆنێتیدا لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە ڕیتم و ئیقاعی دێڕەکە لەوپەڕی زەنگدانەوەی خۆیدایە. دەستە پێیەکانی لەتی یەکەم و دەستەپێیەکانی لەتی دووەم هاوشێوەو دووبارەبووەوەی یەکترن ئەوەش هاوتەریبییەکەی پێکهێناوە، دووبارەکردنەوەی چوار یەکەی ڕیتمی (مفاعیلن) بە شێوەیەکی یەکسان ڕیتمێکی خۆش و بەهێزی دەبێت، ئەویش لەبەر یەکسانی زەمەنی دووبارەکردنەوەکان.

**بە ئەبرۆت کوژاووم دڵم پڕ زوخاوە**

**برینی دەروونم دووبارە کولاوە** (صافی،2004، 208)

ئەم دێڕە لەسەرکێشی عەرووزی(موتەقاریبی هەشتی تەواو)ە لە دووبارەبوونەوەی دەستەپێی(فعولن فعولن فعولن فعولن) پێکهاتووە، ژمارەی برگەکانی 24برگەیە هەرنیوەدێڕێک بریتییە لە 12 برگە، برگەبەندی نیوەدێڕەکانیشبەپێی پێیە عەروزییەکان بەمجۆرەیە(ب-- ب-- ب--ب--) دووبارەبوونەوەی دەستەپێیەکان لەهەردوو لەتدا پێکەوە هاوتەریبیە چەندێتییەکەیان پێکهێناوە.بەمەش میکانیزمێکی ئیستاتیکی گرتۆتەبەر.

**یار لەبەر نازی جووانی مامزئاسا ڕەم دەکا**

**یا لە ناڵەی عاشقانە ڕوو لەعالەم کەم دەکا** (صافی،2004، 149)

ئەوکێشە عەرووزیەی دێڕەکەی لەسەربنیاتنراوە بریتییە لە(ڕەمەلی هەشتی مەحزوف)، کەلە دووجار دووبارەبوونەوەی پێیە عەرووزییەکانی (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)پێکهاتووە، هەرنیوەدێڕێکی پێکهاتووە لە 15برگە،برگەبەندی نیوەدێڕەکانیشبەپێی پێیە عەروزییەکان بەمجۆرەیە(-ب--، -ب--، -ب--، -ب-) دووبارەبوونەوەی دەستەپێیەکان لەهەردوو لەتدا یەکسانی و هاوتایی برگەبەندی دێڕەکان پێکەوە هاوتەریبییەکەیان پێکهێناوەودێرە شیعرەکەی لەئاستی چەندێتیدا قوڵترو ڕاوەستاوتر کردووە.

**2-2-2-ب- وەستانی عەرووزی:** مەبەست لێی ئەو وەستانانە دەگرێتەوە کەلە کۆتایی هەرنیوەدێڕێک یا وەستانێک لە ناوەڕاستی نیوەدێڕێک یا هەرشوێنێکی دێڕەکەدا بێت، بەهۆی کۆتایی هاتنی دەستەپێی ناودێڕە شیعرەکە.

**شادێی قەلبی حەزینم، نووری چاوانم ئەتۆی**

**مەرهەمی زام و برینم، دەردو دەرمانم ئەتۆی** (صافی،2004، 253)

ئەم دێڕە لەسەر کێشی(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)بنیاتنراوە، هەرنیوەدێڕێکی پێکهاتووە لە 15برگەو بەسەر دەستەپێی (3+4+4+4)ی (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) دابەش دەبێت، بەڵام وەستانی شیعری و بەمشێوەیەدەبێت: (شادی قەلبی حەزینم \ نوری چاوانم ئەتۆی - مەرهەمی زام و برینم \ دەردو دەرمانم ئەتۆی) لێرەدا وەستانە شیعریەکە لە نیوەدێڕی یەکەمدا لەسەر(شادی قەلبی حەزینم)دەوەستێت و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا وەستانەکە دەکەوێتە سەر (مەرهەمی زام و برینم)، بەوەش هاوتەریبی ئاوازەیی و واتایی خۆی تێدا دەنوێنێت. شاعیر لەڕێگەی کەرتکردنی هەرنیوەدێڕێکەوە بەسەر چوار یەکەی ڕیتمی هاوسەنگ و هاوکێشدا وایکردووە لەکاتی خوێندنەوەی بەدەنگی دەقەکەدا وەستانە عەرووزییەکان لەنێوان کەرتێکدا هەستپێبکەین.

**ئەو پەرچەم و ئەگریجە، هەموو دوژمنی دینە**

**ئەو زولف و ڕووە، ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە** (صافی،2004، 197)

دێڕەکە لەسەرکێشی(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف)بنیاتنراوە، هەرنیوەدێڕێکی پێکهاتوو لە 14برگەو بەسەر دەستەپێی (3+4+4+3)ی (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) دابەش دەبێت، بەڵام وەستانی شیعری و بەمشێوەیەدەبێت: (ئەو پەرچەم و ئەگریجە \ هەموو دوژمنی دینە -، ئەو زولف و ڕووە \ ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە) لێرەدا وەستانە شیعریەکە لە نیوەدێڕی یەکەمدا لەسەر(ئەو پەرچەم و ئەگریجە )دەوەستێت و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا وەستانەکە دەکەوێتە سەر (ئەو زولف و ڕووە)، شوێنی وەستانەکان بەپێی واتا ئەنجامدراوە، جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی بەدووری (فاصلە)ی کاتی دیاریکراو لە نێوان وەستانەکاندا هەیەو بێئەوەی ڕێکخستنەکەی تێکدابێت، بەوەش هاوتەریبی ئاوازەیی و واتایی خۆی تێدا دەنوێنێت. شاعیر لەڕێگەی کەرتکردنی هەرنیوەدێڕێکەوە بەسەر چوار یەکەی ڕیتمی هاوسەنگ وایکردووە لەکاتی خوێندنەوەی بەدەنگی دەقەکەدا وەستانە عەرووزییەکان لەنێوان هەر کەرتێکدا هەستپێبکەین.

**2-3- هاوتەریبی وشەیی:**

لە هاوتەریبی وشەییدا جەخت لە پەیوەندی نێوان دەنگ و وشەدا دەکرێتەوە، چونکە چۆنێتی ڕێزبوونی دەنگەکان لە سنووری برگەیەکدا کاریگەرن لەسەر پێکهاتەی دەنگی وشەکە و دواتریش دیاریکردنی مۆرفێمەکانی لە ڕووی وشەسازییەوە، بۆیە بە دواییەکداهاتنی دەنگەکان وەک بنەمای پێکهاتنی وشە دەبێتە مایەی هاوشێوەبوون، لێکچوون لە بنیاتی وشەیەکدا، لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە هاوتەریبی دروست دەکات، ئەویش لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنیەتی پێکەوە ڕیزکردن و گونجاندنیان لەڕێگەی پەیوەندییە واتاییە جیاجیایەکانەوە لە سیاقی دێری شیعریدا لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە، بەمەش دووبارەکردنەوەی مۆرفێم و وشەش ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی هاوتەریبی لە ناو دەقی شیعریدا.(عەبدوڵڵا،2008، 121) دووبارەبوونەوەی ئەو فۆڕمە زمانیانەی هاوشێوەیەکی تەواویان لە نێواندایە لە ڕووی فۆڕم و بنیاتەوەو لە ڕووی واتاو دەلالەتیشەوە، واتە ئەو وشانەی یەک فۆڕمی زمانیان هەیە، هاوتەریبی وشەیی لێدەکەوێتەوە، هەروەها گەر دوو وشە یان زیاتریش کە لە فۆڕمدا وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، وەک ئەوەی لە ڕەگەزدۆزی تەواودا دەردەکەوێت، واتە بەشێوەیەش هاوتەریبی چەند فۆڕمێکی زمانیشمان

دێتەدی.(سەرچاوەی پێشوو،122) لێرەدا شێوازی بەکارهێنانی وشە لە دەقی شیعریدا لە شیعرەکانی(صافی)دا دەخەینەڕوو، بەوەی کە ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی بنیاتی هاوتەرییدا، ئەویش لەڕێگەی بنەمای هاوشێوەیی و دووبارەکردنەوەی وشە، بەشێوەیەکی هونەرییانە، لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا، بەمەش دەربڕین و واتا و چنینی ڕستە و دێڕەکان بەهێزتر دەبێت.

**2-3-ا- هاوتەریبی یەک فۆڕمی زمانی:** مەبەست لێی ئەو شانە دەگرێتەوە لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە هاوتای یەکترن بە واتای ئەوەی هاوفۆڕم و هاوپێگەن بۆیە بە پێی شوێنی هاتنیان لەناو دەقەکەدا بنیاتە هاوتەرییەکەیان لێ دەکەوێتەوە، وەک دووبارەبوونەوەی سەرەتا و کۆتایی یا بەپێچەوانەوە، یا دووبارە بوونەوەی ناوەڕاست و لایەکان و... هتد.

**ژیانی من لە عیشقی تۆ مەزانە غیرەتی خۆمە**

**سەبەب وابوو بە منداڵی لە دەردی عیشقی ڕاهاتم** (صافی،2004، 166)

وشەی (عیشقی)لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەم و لە پێش وشەی کۆتایی نیوەدێڕی دووەم واتە لە شوێنی جیاواز بەستوونی لە میانی هەمان فۆڕمی زمانی و بەهەمان واتا دووبارەبۆتەوە، ئەمەش هاوتەریبیە وشەییەکەی لێکەوتۆتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە (رد العجز علی الصدر) دووبارەکردنەوەو یاریکردن بەوشەو هونەری جوانکاری وشەیە، کە شاعیر بۆ بەهێزکردنی ڕیتم بەکاری دێنێ.

**هەستاوی کە هەستاوە قیامەت بە قیامت**

**ڕۆییوی کە ڕۆییوە دەمەر لەو دەمر و دەمدا** (صافی،2004، 142)

هاوتەریببوونە وشەییەکە لە نێوان وشەکانی وشەی (هەستاوی کەهەستاوە)و(قیامەت، قیامت) لە نیوەدێڕی یەکەم هاونشین کراون ودوو فۆڕمی هاوشێوەی یەکترن و بەهەمان واتاش دووبارەکراونەتەوە، لەئاستی ئاسۆیی هاوتەرییەکەی لێ کەوتۆتەوە، لەنیوەدێڕی دووەمیشداوشەکانی(ڕۆییوی، ڕۆییوە)و(دەمەر، دەمر، دەمدا) هاونشین کراون ودوو فۆڕمی هاوشێوەی یەکترن و بەهەمان واتاش دووبارەکراونەتەوە بە شێوەی نایەکسان و هاوشوێن لە باری ئاسۆییدا دووبارەبۆتەوە، لەهەمانکاتدا ڕەگەزدۆزی تەواو و ناتەواویشیان دروستکردووە، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە بنیاتی ڕیتم، ئەم دووبارەکردنەوەش جگە لە بەهاو ڕیتمەکەی جۆرە هاوسەنگیەکیش دروست دەکات، هاوسەنگییەکەش لە نێوان واتاو ڕیتمەکە دایە، گرنگی هەبوونی ئەم هاوسەنگیەش وای کردووە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە هزری وەرگردا بمێنێتەوە.

**ئەو عالەمە نەی ڕەنگە، دەبینی کە چەند دەنگە**

**سەر پاکی جودا ڕەنگە، لەو باووک و دایێکە** (صافی،2004، 261)

دووبارەبوونەوەی هەمان فۆڕمی زمانی لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەم و دووەم وشەی سادەی (ڕەنگە) هاوتەریبی وشەیی پێکهێناوە، لەپاڵ ئەوەشدا جێنشینکردنی وشەکانی(دەنگە، دایێکە) هەماهەنگی و ڕێککەوتنی دەنگیان هەیەو هاوتەرییەکیان پێکهێناوە. جگەلەمەش کەرتکردنیشی پێ بنیات نراوە. (صافی) هەوڵی داوە دەست ڕەنگینی و هێزو توانای شاعیرێتی خۆی لە ڕاکێشانی سەروا بۆ ناوەوەی دێڕەکان نیشان بدات، بەشێوەیەک، کە خوێنەر ئارەزووی خوێندنەوەی شیعرەکانی بکات.

**گوڵزارە لە گوڵزاری بۆ غونچە گوڵی زاری**

**گوڵ کەوتە شەکەر باری وا گوڵ شەکەرێکم بوو** (صافی،2004، 190)

دووبارەبوونەوەی هەمان فۆڕمی زمانی لە سەرەتاو ناوەڕاستی نیوەدێڕی یەکەم، کە بریتییەلە وشەی لێکدراوی(گوڵزار) هاوتەریبی وشەیی پێکهێناوە، هاوکات هاونشینیکردنی(گوڵزارە، گوڵزاری، گوڵی زاری) ڕێککەوتنی دەنگی و واتایی هەیەو بەمەش هاوتەرییان هێناوتە ئاراوە ئاوازەناوەکیەکەیان ڕەنگینترکردووە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا دووبارەبوونەوەی هەمان فۆڕمی زمانی لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی نیوەدێڕی دووەم، وشەکانی (گوڵ ، شەکەر) هاوتەریبی وشەیی پێکهێناوە، لەئاستی ئاسۆیی، لەم دێڕەدا دەبینین وشەی(گوڵ) لە ناوەڕاست و کۆتایی نیوەدێری یەکەم بەکارهاتووە، بەڵام شاعیر هەر بەوەندە تینویەتی ناشکێ، بەڵکو بەمەبەستی جەختکردنەووە، لە واتای وشەکە هاتووە وشەی (گوڵ)ی لەسەرەتاو ناوەڕاستی نیوەدێڕی دووەم بەکارهێناوەتەوە، بەمەش مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی جوانترکردووە.

**2-3-ب- هاوتەریبی چەند فۆڕمی زمانی :** مەبەست لە دووبارەبوونەوەی ئەو فۆڕمە زمانییانەیە کە هاودەنگ هاوڕێنووس هاوپیتی یەکترن، بەڵام لەواتادا جیاوازن، وەک ئەوەی لە هونەری ڕەگەزدۆزی تەواودا دەردەکەوێت.

**ئەو جانە چ جانێکە کە جانە بەجوانی**

**ئەو عاریضە پەنهانە چ گەنجێکە نیهانی** (صافی،2004، 250)

هاوتەرییبیەکە بەهۆی هاتنی دوو فۆڕمی هاوبێژی نیوەدێڕی یەکەمەوە هاتووە، ئەویش لە وشەی (جانە) دایە، (جانە) لە جاریی یەکەمدا بەمانای پەری و شۆخی و شەنگی دێت، بەڵام (جانە) لە جاری دووەمدا بەمانای گیان ڕۆح دێت، وشەکان لە ڕواڵەتدا وەکو یەکن لە واتاشدا جیاوازن، بەمەش دێڕەکەی لەئاستی مۆسیقی ناوەوەدا خۆشتر کردووە.

**بۆچی نەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە**

**واحەپسە لە نێوچینی چەمی پەرچەمی چەمدا** (صافی،2004، 142)

هاوتەریبی وشەیی لە جۆری چەند فۆڕمێکی زمانی لەنێوان هەردوو وشەی (چەمی)کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا هاتووە، بەوەی هەریەکەیان هەمان فۆڕمیان هەیە، بەڵام بەواتای جیاواز بەکارهاتوون، (چەم) یەکەم، بەمانای چروپری دێت، بەڵام (چەم) لە جاری دووەمدا بەمانای چاو دێت، وشەکان لە ڕواڵەتدا وەکو یەکن لە واتاشدا جیاوازن، بەمەش دێڕەکەی لەئاستی مۆسیقی ناوەوەدا خۆشتر کردووە، هەڵبەت جوانی وشەکارییەکە لە دەلالەتیشدا دەردەکەوێت، کاتێ بیر لە لێکدانەوەی پەیوەندی هەریەک لە دانە زمانیەکان دەکەینەوە.

**عەبدێکی وەفادارو جەفا کێشە لە هیجران**

**واکەوتووە وەک(صافی) لەدەرگانەیی گەیلان**

**بەم دەردە سەرە کوشتنی لازم نییە قوربان**

**لەم جێژنی قوربانە کە قوربانە دڵی من** (صافی،2004، 276)

لەم کۆپلەیەدا سێ جار وشەی(قوربان) لە هەمان فۆڕمدا دووبارەکراوەتەوە، بەڵام هەریەکەیان بۆ مەبەست و واتای جیاواز بەکارهاتوون، (قوربان)لە کۆتایی نیوەدێڕی سێیەمدا بەواتای کەسێک دێت کاتێ بەکەسێک دەڵێی بەڵێ قوربان، لە نیوەدێڕی چوارەمیشدا لە جاری یەکەم بەواتای جەژنی قوربان دێت، واتا مەبەستی جەژنەکەیە، لە جاری دووەمدا بەواتای قوربانیدان دێت، بەو واتایەی دڵی شاعیر بۆتە قوربانی، هاوتەریبی وشەیی لە جۆری چەند فۆڕمێکی زمانی لەنێوان هەرسێ وشەی (قوربان)دروستبووە. بەمەش ڕیتمی دێڕەکەی خۆشترو بەهێزتر کردووە.

**2-4- هاوتەریبی ڕستەیی:**

مەبەست لە هاوتەریبی ڕستەیی دەرخستنی ڕیزبوونی کەرەستەزمانییەکانە لە ڕستەدا چۆن دەخرێنە پاڵ یەک، بەومانایەی پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکترو ئەرکیان لەناو ڕستەدا، لە هاوتەریبی ڕستەییدا ئەرکی ڕێزمانی و دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکەیە، لە ئاستی ئەرکی هاونیشینی، دانە هاوئەرکەکان جۆرێک لە هاوتەریبی ڕستەییان لێ دەکەیتەوە، واتە شاعیر وشە هاوئەرکەکان ڕیزدەکات و لە یەک گرووپدا کۆیان دەکاتەوەو ئەرکی هەر وشەیەک دیاری دەکات(گەردی،1975، 62). لە ئاستی ئەرکی جێنشینیشدا جێگۆڕکێ پێکردنی ئەرکی دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکەو ڕستەیەکی نوێ دروست دەبێت، واتە وشەکان وێنەیەکی نوێ دەکێشن، کەلەهەمان وشەکانی پێش خۆیەتی(حسێن،2008، 221). هەروەها لە بنیاتی ڕستە سازیدا بنەمای دووبارەبوونەوە و هاوشێوەیی ڕۆڵی سەرەکی خۆیان دەگێڕن بەوەی دێڕە شیعرەکان لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی هەمان ڕۆنانی سینتاکسی هاوشێوە دادەڕێژرێن و وەرگری دەق بە ئاسانی دەتوانێت هەستی پێ بکات. لێرەدا شێوازی پێکەوە بەستنی ڕستەی شیعری دەخەینەڕوو، بە ڕێگەی بنیاتی زمانی هاوتا و هاوشێوەیی لە بەدوایەکداهاتنی کەرستە زمانییە جێنشینکراوەکانەوە لە ڕستەدا، لەلایەکی ترەوە ڕێکخستنی ڕستە کەخۆی لە دابەشکردنی فۆڕمە ڕستەسازییەکان بە سەر ڕەگەزە لێکچووەکان لە ڕووی بنیاتی ڕێزمانیدا دەبینێتەوە، بنیاتی هاوتەرییبی پێکدێنن.

**2-4- ا- هاونیشینی ئەرکی:**

مەبەست لە کارکردنە لە یەکەزمانییەکان لە ڕووی ڕۆنانەوە لە پێکهاتەی ڕستەدا.

**چاوی کاڵە\ لێوی ئاڵە\ روو بەخاڵە\ دولبەرم**

**زولفی خاوە\ لێم بەداوە\ یارەکەی ئەغ\یارەکەم** (صافی،2004، 178)

لەڕێگەی ڕێکخستنی سیفەتەکانەوە هاوتەریبی ڕستەیی پێکهێنراوە، بەوەی لە نیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا ناوەکان و سیفەتەکان ئاوەڵناوکان پێکەوە ڕێکخراون بۆ وەسفکردنی ناوەکان و پێکهێنانی گرێی ئاوەڵناوی لە فۆڕمی دیارخەرو دیارخراودا و هاونشینی یەکترکراون و ئەرکی دێڕەکەی ڕازاندۆتەوە.

**ڕۆژی وایە هەر بەکەیف و پێکەنین و خەندەیە**

**بەعزەجار مەجنوونە گرییە بۆ لەیلەی دەکا** (صافی،2004، 156)

کۆمەڵێک وشە لە نیوەدێڕی یەکەمدا، لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو لەسەربنەمای لێکچوون لەیەک تایبەتدا، کە ئەویش بنەمای شادی خۆشییە، لەپاڵ یەکدا کۆکراونەتەوەو هاونشینکراون، کە بریتین لە(کەیف، پێکەنین، خەندە) دراونەتە پاڵ بکەرێک، ئەویش (ی) جێناوی کەسی لکاوە بۆکەسی سێیەمی تاک، کەبۆ یار دەگەڕێتەوە بەکارهێنراوە، بەمەش هاوتەریبی ڕێزمانی لە بنیاتی دێڕەکەدا بەدیهێنراوە.

**دولبەری ناز پەروەری ڕوو ئەنوەر مەهپارەکەم**

**نەونیهال ئەبرۆ هیلال شیرین جەمال نازدارەکەم** (صافی،2004، 177)

لە نیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەو هاونشینیکردنی هەریەک لە(ناز پەروەری، ڕووئەنوەرمەهپارەکەم، نەونیهال، ئەبرۆ، هیلال، شیرین، جەمال) کۆمەڵێ سیفەتن لە جوانی دراونەتە (دلبەر)کەلە ئەرکی بکەردایە، هاونشینی ئەرکی پێکهێناوەو بەمەش دێڕەکە لە بنیاتێکی هاوتەریبی ڕستەییدا دەرکەوتووە.

**2-4-ب- جێنشینی ئەرکی:** سەبارەت بە جێنشینی ئەرکی لە هاوتەریبی ڕستەییدا لەشیعرەکانی شاعیردا دەرناکەوێت. جگە لەم دێڕەی خوارەوە هەستمان پێکردووە ئەویش لە نیوەدێڕی دووەمدا دەردەکەوێت:

**دەردی دووریم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشییە**

**بۆیە کە خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە** (صافی،2004، 228)

لە نیوەدێڕی دووەمدا و لە ئاستی ئاسۆییدا لە نێوان(خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە)لە جێگۆڕکێ پێکردنی ئەرکی دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە، ڕستەیەکی نوێی دروست کردووە، واتە وشەکان وێنەیەکی نوێ دەکێشن، کەلەهەمان وشەکانی پێش خۆیەتی، بەمەش هاوتەریبییە ڕستەییەکە لە بنیاتی دێڕەکەدا لە ئاستی ئەرکی جێنشینیدا دەرکەوتووە.

**2-4-ج- هەمان بنیاتی ڕستەسازی:**

مەبەست لە دووبارەکردنەوەی بنیاتی ڕستەسازییە، واتە هاوشێوەبوونێکی تەواوەتی ڕستە لە ڕووی ئەرکەڕێزمانییەکان و تەنانەت ڕۆنانیشەوە،لە دەقدا.

**قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی توە**

**باغی سێوو خۆخ ئەگەر بێ نەو گوڵستانی توە** (صافی،2004، 232)

لە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی یەکە زمانییەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە هاوتەریبی بەدیهاتووە، لە ڕێگەی پێکهێنانی پەیوەندی لێکچوونەوە ئەنجام دراوە، لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە هاوشێوەبوونێکی تەواوی ئەرکی لە نێوان هەردوو نیوە دێڕەکەدایە، هەردوو لەت لە بەشی نیهاد و گوزارە پێکهاتووە، هەردوو دێڕەکە لە ڕووی ماناو دەلالییەوە تەریبی یەکترین، واتە لە ڕووی ڕۆنانەوە هاوشێوەبوونێکی تەواوەتی و لەڕووی ئەرکی ڕێزمانیشەوە هاوتابوونێکی تەواو بەدیهێنراوە، هەروەها لە ڕووی هاودێری، واتە لەڕووی ڕێککەوتنی پارچەکان لە ڕووی کێشەوەو لە ڕووی هاودەنگییەوە کەمەبەست ڕێککەوتنی پارچەکانە لە دەنگدا هاوشێوەن، لەڕووی ژمارەی بڕگەوەش هاوشێوەن. بەم شێوەیە هاوتەریبی لە نێوان هەردوو نیوە دێرەکەدا هەیە، ئەمەش ڕیتمێکی ترە شاعیر دروستی دەکات بەو هۆیەوە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو دێرەکە دروست دەبێت، خوێنەریش زۆر بەئاسانی هەست بەمجۆرە ڕیتمە دەکات، کە لە هاوتەریبی دروست دەبێت.

**شادیی قەلبی حەزینم نوری چاوانم ئەتۆی**

**مەرهەمی زام و برینم دەردو دەرمانم ئەتۆی** (صافی،2004، 253)

لەنیوەدێڕی یەکەمدا هاونشینیکردنی یەکەزمانییەکانی(شادیی قەلبی حەزینم نوری چاوانم ئەتۆی) هەمویان لە بەشە ئاخاوتنی ناون و بەرانبەرکردنیان بەشێوەی ڕێک لەگەڵ(مەرهەمی زام و برینم دەردو دەرمانم ئەتۆی)ی نیوەدێڕی دووەم شێوەیەکی هاوتەریبیان پێکهێناوە، واتە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە هاوشێوەبوونێکی تەواو لە نێوان هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، هەردوو دێڕەکە لە ڕووی ماناو دەلالییەوە تەریبی یەکترین. شاعیر لە نیوەی یەکەمدا (شادیی قەلبی حەزینم- نوری چاوانم- ئەتۆی ) بەتەریبی لەگەڵ (مەرهەمی زام و برینم- دەردو دەرمانم- ئەتۆی) هەروەها جۆرێك لە هاوشێوەییش لەحاڵەتەکاندا دەبینرێ وەك لە(شادی قەلبی- مەرهەمی) (حەزینم– زام و برینم)( نوری چاوانم – دەردودە دەرمانم)، واتە لە ڕووی چۆنییەتی ڕۆنانی ئەویەکەزمانیانەوە لە نێو

دروستە سینتاکسییەکەدا هاوشێوەن و ڕێککەوتنی زۆر لەنێوان دانە زمانییەکانی هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، هەروەها لەڕووی هاودێری و ڕێککەوتنی پارچەکان لە ڕووی کێشەوە، لە ڕووی هاودەنگییەوە کەمەبەست ڕێککەوتنی پارچەکانە لە دەنگدا هاوشێوەن، لەڕووی ژمارەی بڕگەوەش هاوشێوەن، هەمووئەمانەش ڕەنگدانەوەی ئەوگونجان و هاوتابوونەیە کە هاوسەنگی و بنەمای یەکسانی و هاوشێوەکەی لەم دێڕە شیعرەدا پێکهێناوە.

**شیفتیی نووری جەمالم، ماهی تابانم وەرە**

**ئارەزووی شەهدی ویصالم، جانی جانانم وەرە** (صافی،2004، 232)

لێرەدا بنیاتی هاوتەریبی هەمان ڕۆنانی سینتاکسی لەهەر نیوەدێڕێك دیارە، لەڕێگەی ئەو ڕۆنانەوە هاوشێوەبوونێکی تەواوەتی لەنێوان هەردوو نیوەدێڕەکەدا، لە ڕووی یەکەی زمانی و ئەرکی ڕێزمانییەوە بەدی هێنراوە، هەروەها لە ڕووی دەنگی و عەرووزییشەوە هاوشێوەن، واتە هاودەنگی و ڕێککەوتنی زۆر لە نێوان دانەزمانییەکانی هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، جگە لەوەی لە ڕووی دەلالیشەوە یەکە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکە هاوتەرییبیەکی تۆکمەیان لە نێواندا هەیە، ئەم دێڕە لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە گەر شیکردنەوە بۆ دانە پێکهێنەرەکانی بکەین، دەبینن بنیاتەکە تا ئاستی بچووکترین یەکە و وردترین ئەرکی ڕێزمانیش هاوتەرییبیەکەی تێدا پارێزراوە. هەر نیوەدێڕێکی دابەشی سەر شەش کەرت کراوە، کەرتکردن بەهۆی وشەو پاش سەرواى ناوەوەشی لەگەڵ دایە، ئەو وشانەی کەرتکردنەکەی پێ ئەنجامدراوە (شیفتیی، نووری، ماهی، ئارەزووی، شەهدی، جانی)، هاوسەروان، هەروەها وشەکانی (جەمالم، تابانم، ویصالم، جانانم) هاوسەروان ، دەنگی/ ی / لە دووکەرتی پێشەوەو پێش کۆتایی، وەکو پاش سەرواى ناوەوە بەکارهاتووە، دەنگی/ وە / لە کەرتی دواوە، وەکو سەرواى گشتی شیعرەکە بەکار هاتووە. (تابانم وەرە - جانانم وەرە) بەستونی دووبارەبۆتەوە، هاوتەرییبیەکەیان لە ئاستی ستوونی پێکهێناوە.

**2-5- هاوتەریبی واتایی:**

مەبەست لە هاوتەریبی واتایی ئەوەیە لە واتای وشەکان دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو دەنگانەی وشە پێکدێنن پەیوەندییەکی واتاییان هەیە، لەسیاقی ڕستەو دێڕەشیعرەکەدا شیکردەکرێتەوە، هاوتەریبی واتایی ((لە ئاستی دەلالی دەقدا یەکە فەرهەنگییەکان نەک هەر لەڕێگەی لادانەوە بەرگی واتایی نوێیان پێ دەپۆشرێ، بەڵکوو تۆڕێکی دەلالی ئەو تۆشیان پێ دەچنرێ کە دەبنە بەرهەمهێنراو و بەرهەمهێنەری یەکتر و پێکهێنەری هاوتەریبی دەلالی لەناو دەقدا))(عەلی،2016، 64). کەواتە؛ لێرەدا پەیوەندی دانە زمانەکان لە چەند پەیوەندییەکی واتایی پێکهاتووە هەم لە ڕووی پەیوەندی سیمای هاوبەشی واتایی، یا هاوڕەگەزی، یا جوتبەندی، یا دژیەکی..هتد، بۆ نموونە هاوتەریبی دژیەکی لەسەر بنەمای دژیەکی، یان هاوتەریبی جووتبەندی کە لەسەر بنەمای پەیوەستبوون، واتە لەهەمان کێڵگەی واتاییدابن. لێرەدا پەیوەندی نێوان وشەو واتاکانی لە ڕستەدا دەخەینەڕوو، واتای شیعری لە ڕێی ئاوێتە بوونی واتای وشەکانی نێوڕستە، کە تێیدا لێکدانەوەو واتای وشەکان لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە خوێنەر دەیانبیستێت جۆرە ئاوازەو هاوتەریبیەکی ئیستاتیکی دەبێت.

**ڕۆژی وایە هەر بەکەیف و پێکەنین و خەندەیە**

**بەعزەجار مەجنوونە گریە بۆ لەیلەی دەکا** (صافی،2004، 156)

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنیوەدێڕی یەکەم هەریەک لە وشەکانی (کەیف، پێکەنین، خەندە)پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیمایی و هاوڕەگەزی هەیە و هاونشینی یەکترکراون، بەهەمان شێوە لە هەمان ئاست لە نیوەدێڕی دووەمدا(مەجنون، لەیل) پەیوەندی جووتبەندییان لەنێواندایە بەوپێیەی لەویەکە زمانیانە دەژمێردرێن کە لەگەڵ یەکدا پەیوەستن، لەلایەکی ترەوە لە ئاستی ستونیدا هەریەک لە(کەیف، پێکەنین، خەندە) لەگەڵ (گریە)دا لەپەیوەندی دژیەکیدان، بەمەش هاوتەرییبیە واتاییەکە لە بنیاتی دێڕەکەدا دەرکەوتووە.

**قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی توە**

**باغی سێوو خۆخ ئەگەر بێ نەو گوڵستانی توە** (صافی،2004، 232)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان دانە زمانییەکانی (قەد، شەنگ، شۆخ، بوستا**ن**)پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیمایی و هاوڕەگەزی هەیە، بەهەمان شێوە لە نیوەدێڕی دووەمدا(باغ، سێو، خۆخ، بێ نەو گوڵستان) پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیمایی و هاوڕەگەزی هەیە، لەلایەکی ترەوەلەئاستی ستونیشدا لەسەرتاپای دێڕەکەدا لە پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیماییدان، واتە پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای هاوبەشییە لە هەمان کێڵگەی واتاییدا، بەمەش هاوتەرییبیە واتاییەکە لە بنیاتی دێڕەکەدا دەرکەوتووە.

**دەردی دووریم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشییە**

**بۆیە کە خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە** (صافی،2004، 228)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا لە نێوان(دەرد، دووری، چەشتن ژەهر، فیراق، نۆشتن) پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیمایی و هاوڕەگەزی هەیە، لەنیوەدێڕی دووەم و لەهەمان ئاستدا پەیوەندی هاوبەشی و هاوسیمایی لەنێوان **(**خۆشی، ناخۆشی) لەپەیوەندی دژیەکیدان و (نەخۆش، خۆشییە) لە پەیوەندی هاوسیمایی جوتبەندی یەکترن، لە ئاستی ستوونیشدا هەردوو نیوەدێڕەکە لەپەیوەندی هاوبەشی و هاوسیماییدان، بەمەش هاوتەرییبە واتاییەکە لە بنیاتی دێڕەکەدا دەرکەوتووە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا بەم خاڵانە گەیشتین:

1- شاعیر وەک لەبنیاتی هاوتەریبی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، لە داڕشتن و چنینی دەقەکانیدا، خۆی ماندوو کردووە، شیعری وەک پیشەیەکی ئاستبەرز داناوە، لە ژێر کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆی و شیعری ئیسلامی عەرەبی وفارسیدا بووە.

2- لە هاوتەریبی دەنگیدا لەڕووی چەندێتییەوە شاعیر سودی لە ئاستی فۆنەتیکی زمان وەرگرتووە، کەلە ڕێگەیەوە توانیویەتی لە سەرواسازی ناوەوەی شیعردا شیعریەتی دەق ئەنجامبداو هاوتەرییبیەکەش بخاتەوە. لەڕووی چۆنێتیشەوە لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی تا کدەنگی و دەستەدەنگییەوە لە ڕێگەی بنیاتی هاوتەرییبەوە سەرواى ناوەوەو دەرەوەی شیعرەکانی پێکهێناوە.

3- لەهاوتەریبی وشەییشدا هەردوو شێوەی یەک فۆڕمی زمانی و چەند فۆڕمی زمانی لە هاوتەرییبەکەیدا بەدیدەکرێت، بەمەش شێوازی شاعیرمان لە چۆنێتی هەڵبژاردنی وشەو ڕیزکردنیان و ڕێکخستنیان بۆ دەردەکەوێت.

4- لەهاوتەریبی واتاییشدا پەیوەندییە واتاییەکانی هاوسیمایی و دژواتایی و جوتبەندی و هاوواتای لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەو ڕیزکردن و ڕێکخستنیان لە سیاقی ڕستەی دێڕە شیعردا هاوتەریبی واتایی بەرجەستەکردووە.


## سەرچاوەکان:

– ئەحمەدی، بابەک، 2004، پێکهاتەو ڕافەی دەق، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر.

– حسێن، علی طاهر،2008، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن ڕەخنەی شیعری کوردی بەنمونەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی.

– حسێن، جەبار ئەحمەد، 2008، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق1950-1970، چاپی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلیمانی.

– خاڵ، شێخ محمد، 2017، فەرهەنگی خاڵ(کوردی-کوردی)چاپی دووەم، دەزگای ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– خۆشناو، هێمن عومەر،2010، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

– رشید، د. فوئاد، 2007، بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا.

– صافی، کاک مصطفی کوڕی کاک عبداللەی هیرانی، دیوانی صافی، 2004، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان-هەولێر.

– عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین، 2008، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهوک.

– عیزەدین، سامان،2010 ، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، بەڕێوەبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی، سلیمانی.

– گەردی، عەزیز،1975، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-جوانکاری،چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

– میراودەلی، کەمال،2021، شیعرناسی بە شیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، کتێبخانەی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.

– هەرشەمی، شاسوار، 2022،فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلیمانی.

– هەژار، عەبدولرەحمان شەرەفەکەندی، (1369)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە (کوردی-فارسی)چاپی یەکەم، انتشارات سروش،تاران.

## گۆڤارەکان:

– عەلی، دڵشاد،2016، بنیاتی هاوتەریبی لەدەقە شیعریەکانی ڕەشید نەجیبدا، زانکۆی گەرمیان، ژمارە 10.

### نامەی ماستەرو دکتۆرا:

– تاهیر، یاسر حەسەن،2006، بنیادێ ڕیتمی دشعرا نوویا کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی دهۆك.

– ڕۆستەم، ئاری عوسمان، 2004، بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا-بەنمونەی سالم و گۆران، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلیمانی،کۆلێژی زمان-بەشی کوردی.

### پێگەی ئەلیکترۆنی:

- پێنجوێنی، سەروەر، 2021، ڕیشەی تەریب و هاوتەریب، ماڵپەری کوردیش-ئیتمۆلۆژی،

- -.http://kurdish-etymology.blogspot.com\2016\06\terib.html

**- بەزمانی عەرەبی:**

- جباره، محمد جاسم ،2013، مسائل الشعريه فى النقد العربى-دراسه فى نقد النقد، الطبعه الاولى، مركز دراسات، الوحده العربيه،بيروت-لبنان.
- الضالع، محمد صالح، 2003، الاسلوبيه الصوتيه، الطبعه الاولى، دار غريب للطباعه والنشر والتوزيع.
- الشيخ، عبدالواحد حسن،1999، البديع والتوازى، الطبعه الاولى، مكتبه الاشعاع الفنيه،الاسكندريه.
- العلوى، ابن طباطبا،1982، عيار الشعر، بيروت.
- عمر،احمد مختار،2008،معجم اللغهالعربيه المعاصره- بمساعده فريق عمل، الجزء الاول، الطبعه الاولى،عالم الكتب، القاهره.
- فضل، صلاح،1998، نظريه البنائيه فى النقد الادبى، الطبعهالاولى، دار الشروق، القاهره.
- مفتاح، محمد،1996، التشابه والاختلاف نحو منهجيه شموليه، الطبعه الاولى، المركز الثقافى العربى،المغرب.

**- بەزمانی فارسی**

- معين، محمد، 1387، فرهنگ فارسى معين، چاپ اول، انتشارات فرهنگ نما با همكارى انتشارات كتاب اراد، چاپخانه رهنما.

**بنيه التوازى فى الاشعار الكورديه (للصافى هيرانى)**

**سروشت جوهر حوێز**
قسم اللغه الكورديه، فاكلتى التربيه، جامعه كويه، آقليم كوردستان، العراق
Srusht.jawhar@koyauniversity.org

**الملخص**
تؤلف بنيه التوازى العناصر الاساسيه فى بناء النص الادبى عموما والنص الشعرى على وجه الخصوص، ولها قيمتها، حيث تقوم بالتشاكل والتساوى اللغوى فى بناء النص الشعرى، وترتب الوحدات اللغويه بصوره فنيه، وبذلک تشكل جزءا منهما من الاستاتيكا الشعرى والشعريه آيضا، البحث عباره عن دراسه نقديه تطبيقيه لآشعار(صافى هيرانى) بحسب المنهج النقدى البنوى الفورمالستى، الهدف من البحث هو ابراز اهميه بنيه التوازيهفى الشعر، والقاء الضوء على بنيه التوازى فى الآشعارالكورديه للشاعر(صافى). استفاده الشاعر من المستوى الفونتيكى للغه، حيث استطاع عن طريقه استخدام الاليات الفنيه فى العروض و يوضح التوازى فيه، وعلى مستوى الكلمه و نلحظ الشكل الآحادى للغه والشكل المتعدد للغه فى التوازى الشعرى لديه، وعلى مستوى الدلاله جسد الشاعر العلاقات الدلاليه والسيميائيه والتضاد والتقابل عن طريق اختيار الآلفاظ وترتيبها وتنظيمها فى سياق الجمله فى البيت الشعرى.

**الكلمات المفتاحية:** بنيه، التوازى، معنى، التكرار، الكلمهوالصوت

**Parallel Structure in Kurdish Poems by Safi Hirani**

**Srusht Jawhar Hawez**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University
Krdistan Region,Iraq
Srusht.jawhar@koyauniversity.org

**Abstract**
Parallelism is a major characteristic of the structure of literary texts in general and poetic texts in particular This is a critical and practical study of poetry and poetic aesthetics Kurdish poems of Safi Hirani, according to the constructivist formalist critical method. The aim of this research is to present the importance and role of parallel structure in poetry and to shed light on parallel structure in Kurdish poems (Safi). The poet has used the phonetic level of language, through which he has been able to carry out artistic techniques in the inner structure of poetry and restore the parallelism The poet's style is reflected in how he chooses words, arranges them, and even At the semantic level, the semantic relationships of synonyms, antonyms, pairs and synonyms through the choice of words and their arrangement in the context of the sentence of the poem have reflected semantic parallelism

**Keywords**: Parallel, Structure, Meaning, Repetition, Word and Sound